## پەیامی خەڵکی هەولێر

# بەستەیەک لە فۆلکلۆری حکومەت

**لەتیف عوسمان ئاسۆ- هەولێر**



زستان ساردو سەرمایە
غاز بۆ مەسوولان زۆرە
نەوت بۆ بایەع نایە
فەرمانبەر حاڵیان شڕە
مووچەیان چی پێنایە
لەبەرگرانی بازاڕی
هەروەکو ئەژدیهایە
لەشاری دا دەگەڕێم
هەمووی کۆشک و ڤێللایە
دەڵێن ئی مەسوولانە
لەسەریان تاپۆ کرایە
هاواری کرێ چییان
گەییە تاقی سەمایە
گەر گیانیان دەربچێ
کەس بەهاواریان نایە
کێشەمان گەلەک زۆرن
هەر لەژمارە نایە
ئەوە وەزعی ناوخۆمان
خەمی کەرکوک لەولایە
ماددەی سەدوچل هێشتا
لەژووری ئینعاش دایە
هەر ئەوەندە دەزانین
کە لەناو دەستووردایە
حاڵی ئاوارەکانیش
وەک دەواری شڕ وایە

### براینە

براینە سەرم زۆر دێشێ
دەڵێن حکومەت ساوایە
کیژو کوڕ لەو تەمەنە
ئێستا بووک و زاوایە
نازانم لە کوێ پرسین
بۆچی حاڵمان ئەوهایە؟
وەزیرمان گەلەک زۆرە
هیچمان لەبۆ نەکرایە
هاوینان بێ کارەبا

# ڕێکخراوی فریا، لانەیەک بۆ منداڵە بێ لانەکان

**ئا: شاناز**



کاتێ مرۆڤ تووشی هەر کێشەیەک دەبێت، بەپێی جۆری کێشەکەی بەرپرسی ئەو شوێنەی کە کێشەی بۆ دروست بوو ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر مرۆڤەکان بەتەنیا کێسەکانیان بۆ چارەسەرنەکرا ئەوا داوا لەکەسانی تر دەکەن تا هاوکاری چارەسەرکردنیان بکەن. یاخود کەسێک سزای بدرێت یان شەڕی پێ بفرۆشن، ڕووبەڕوی بنکەی پۆلیس و دادگە دەکرێتەوە.

ئەی ئەگەر مناڵێک تووشی کێشە و توندوتیژی هات، ئازادییە سنوردارەکانی لێ شێوانرا ئایا چۆن بەرگری لەخۆی بکات، مافی خۆی هەیە، بەهەر شێوەیەک بێت لە زوڵم و نارەحەتی دەربچێت، کێشەکەی بۆ چارەسەربکرێت داڵدە بدرێت لەو توندەتیژیەی بەرامبەری کراوە.

لەکوردستاندا چەندین ڕێکخراو و لانەی مناڵ پارێز هەن، وەک ئۆڵف پاڵمی و مناڵ پارێز ە نەوجوانان و ........هتد کە ئەم شوێنانە، منداڵانی بێ دایک و باوک ئەنفال و بێدارو هەژاران دەگرنە خۆیان بەجوانترین ڕەوشت پەروەردەیان دەکەن، بەتەنگ کێشەکانی منداڵانەوەن، پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکەن.

جگە لەوانە ڕێکخراوی (فریا) لەشاری سلێمانی هەیە، ۆ داڵدەدانی ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە. ئەم ڕێکخراوە ناحکومیە لەبەرواری ٢٠٠٤/٤/٢٠ مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە، سەر بەوەزارەتی پەیوەندی و چاودێری یە بۆ ناسینی ئەم ڕێکخراوە و کارو چالاکیەکانیان سەردانیانمان کرد، تابزانین ئامانج و هەست و سۆزی ئەو ڕێکخراوە بەرامبەر مناڵانی هەڵهاتوو چۆنە بەرنامەیان چۆنە بەرامبەر بە منداڵان.

بەڕێز توێژەرەوەی گشتی(ڕێبوار عەزیز ڕەحیم) جێگری بەڕێوبەری ڕێکخراوی فریا بۆ داڵدە دانی ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بۆمان دوا

سەرەتا ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بۆ داڵدەدانی ئەو منداڵانەن کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کاری ڕێکخراوی ئێمە، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تائێستا نزیکەی ٦٥ منداڵ لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ وەرگرتووە. لەتەمەنی (٦_١٨) ساڵیدا دەبن بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئاین و نەتەوە، بەپشت بەستن بە بەرنامەی مافی منداڵ. هەروەها ئەو مناڵانەی کە دێنە لای ئێمە، بەهۆی بەکارهێنای توندوتیژیەوە لەلایەن باوکیانەوە بەتایبەتی بەرامبەر بەکچان. یاخود بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزانیانەوە، یان مردنی دایک یان باوک. هەروەها هەندێکیان زوڵم و توندوتیژی زۆریان لەگەڵ بەکار هێناون، بۆیە ناچارنبوون هەڵبێن پەنایان بۆ ئەم ڕێکخراوە هێناوە. ئێمە ئەم منداڵانەمان لای خۆمان گلداوەتەوە، فۆرمان بۆ پڕکردونەتەوە زانیاریمان لێ وەرگرتوون، لەگەڵ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە، خزمەتکردن و پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەنجام دراوە. پێشتر هیچ کەسێک بۆی نییە سەردانمان بکات، تا ڕێگە چارەمان بۆ داناوین. پەیوەندیمان بەکەسوکاریەوە کردووە، بەئامادەبوونی منداڵەکەو کەسوکاری کێشەکەمان چارەسەر کردووە. تالە ئەنجامدا بائاسودەیی گەڕونەتەوە ناو خێزانەکانیان، بەڵێننامەی پاراستنمان لەخێزانەکانیان وەرگرتووە بەردەوام سەردانیان دەکەین. تەنها دوو خێزان نەبێت، منداڵەکانیان وەرنەگرتۆتەوە ناچار ڕەوانەی ئۆڵف پاڵمێ کورانمان کردن، کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتیە. هەروەها دووبارەبونەوەی هەڵهاتن ڕووی نەداوە، دواتر ئاسودە بوون

ڕێبوار عەزیز لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: ئەو منداڵانەی دێن بۆ ئەم ڕێکخراوە بەزۆری کچن، تەمەنیان لەنێوان (١٢_١٨) ساڵیدایە کورەکانیش تەمەنیان لەنێوان (١٠_١٣) ساڵیدایە. بێگومان کچەکان کێشەکانیان قورسترو ئاڵۆزترە تاکوران. هەروەها ئەو منداڵانەی دێن بۆ لامان کەمتر خەڵکی سلێمانین زۆربەی خەڵکی دەورووبەری شارن، هەروەها منداڵی ناوچە عەرەب نشینەکانیشمان بۆ هاتووە، بەهەمان هەڵوێست داڵدەمان داون. تا کەسوکاریان وەریان گرتۆتەوە بێگومان ئەو خێزانانە دوای وەرگرتنەوەی مناڵەکانیان، زۆر خۆشحاڵ بوون کەڕێکخراوێکی ئاوا توانیویەتی منداڵەکەیان بپارێزێت و توشی کێشەی گەورەتر نەببون بەسەلامەتی تەسلیمی خێزانەکانیان کردوونەتەوە.

هەروەها جێگری بەڕێوبەر لەمیانەی قسەکانیدا گوتی: تیمی گەڕۆکی شەوانەمان هەیە، کەشەوانە بەناو شاردا دەگەڕێن. وەک ژێر پردەکەو بەردەم سینەماکان،باخچەکان ناو پارکەکان، تەختیتێکی شاری سلێمانی دەکەن، تابزانین منداڵ هەبێت لەو شوێنانە مابێتەوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین تاکێشەکەی بۆ چارەسەربکەین هەروەها تەنسیقمان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوی ئاسدە و ڕێکخراوی ژنان، سەنتەری ڕاگەیاندن، وەزارەتی مافی مرۆڤ، منداڵ پارێزو پۆلیسی نەوجەوانان کەئەمانیش منداڵمان بۆ دەنێرن تادالدەی بدین و کێشەی بۆ چارەسەر بکەین.

بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەڕێکخراوی فریا پێک هاتووی بەشەکانی ڕێبوار عەزیز وتی: ئەم ڕێکخراوە لە ١٠ ستاف و سێ بەش پێک هاتووە بەشی چاودێری، بەشی ڕاگەیاندن، بەشی توێژینەوە. ئەو کارمەندانەی لێرە کاردەکەن دەبێ شەهادی بەرزیان هەبێو خیبرەی تەواویان لەم بوارەدا هەبێت. پارێزەری خۆبەخشمان هەیە کاردەکات بۆ ئەو منداڵانەی تووشی کێشە دەبن. کاتێ منداڵ دێتە ئەم ڕێکخراوە ئێمە پارێزگاری تەواوی دەکەین، کەس بۆی نیە بێت سەربەخۆ یان باتەوە، تا تعاهود لەخێزانەکانیان وەرنەگرین ئەوکاتە تەسلیمیان دەکەینەوە، یاخود هیچ کارمەندێک بۆی نییە بەهیچ شێوەیەک زانیاری ئەو منداڵانە اتە دەرەوەی ڕێکخراوەکە.لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی هەفتەنامەکاتان دەکەم، کە ئەم ڕێکخراوەتان بەسەر کردەوە، بەهیوای ئەوەی هیچ منداڵێک تووشی توندوتیژی نەبێت لەلایەن خێزانەکانیانەوە.

# کوردەکانی شاری زووتەرمێر لە هۆڵەندا یادی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەنەوە

**پەیامنێری ڕۆژی گەل: دایکی میران**





لەیادی کارەساتی ١٦ی ئازاری کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، ناوەندی کوردی زووتەرمێر بەهاوکاری کوردەکانی شاری زووتەرمێر و ناوەندو ڕێکخراوەکانی تری شارەکە پرۆتستۆی ئەو تاوانەیان کرد و چالاکی جۆراوجۆریان نواند.

ڕۆژی ١٧ی ئازاری ٢٠٠٧ سەعات ١٣. ٣٠ تا ١٦,٠٠ لەسەنتەری شاری زووتەرمێر (ستاد هارت)ی هۆڵەندا، ناوەندی کوردی زووتەرمێر بەهاوکاری جەماوەرێکی زۆری کوردەکانی شارەکەو بە بەشداری ناوەند و ڕێکخراوە کوردییەکانی تری شاری زووتەرمێر یادی کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە، هەر لەو یادەدا جگە لە پرتستۆکردنی ئەم تاوانەو ناساندنی بەخەڵکی هۆڵەندی، لە پاڵ ئەوەشدا توانرا ئیمزایەکەی زۆری خەڵکی کۆ بکرێتەوە کە دژی بەم تاوانەو دووبارە نەبوونەوەی هاوسۆزو هاوڕابوون.

لەم یادەدا دەیان وێنەو پۆستەری تایبەتی بەم کارەساتە خرانەڕوو لە تەنیشت ئاڵای کوردستانەوە هەروەها زانیاری و پەخشانە شیعریش بە زمانی هۆڵەندی دابەشکرا.

شایانی باسە ئەم یادە بە گەرمی و بە حەماسەوە بە بەشداری نزیکەی ٥٠ خێزانی کورد سازکرا و هەروەها زیاتر لە دەیان کوردی تری بەشەکانی تری کوردستانیش بۆ پشتیوانی لەم پرۆتستۆیە سەردانی بنکەکەیان کردو هاوسۆزیان دووبارە کردەوە.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە. ناوەندی کوردی زوتەرمێر وەک ڕێورەسمێک، ساڵانە ئەم یادە بە ڕەزامەندی پۆلیس و شارەوانی شارەکە (خمێنتە) ساز دەدات، وەک نەریتێک بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە لە دڵ و دەروونی نەوەی تازەی کورد لەم شارەو ئاشناکردنی هەرچی زیاتری هۆڵەندییەکانە بەم تاوانە مەزنەی دەرحەق بە گەلی کورد کراوە.




# بۆ پارێزەرانی ماف پەروەری کوردستان

# سەبارەت بە بەرگریکردن لەڕۆژنامەوانی کوردستان

لە دوای دەست بەکاربوونی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان، کە ڕێکخراوێکی نا حکومیە و بە ئەرکی پاراستن و بەرگریرکردن لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان هەڵدەستێت، لەبەر ئەوەی ئێمە یارمەتی لە هیچ دەزگایەکی حکومی وەرناگرین و بۆ ئەوەی بتوانین لە داگەکاندا بەرگری لە ڕۆژنامەوانان بکەین، پێویستیمان بە هاوکاری پارێزەرانی ماف پەروەر و یاسا دۆستی کوردستان هەیە، ئەوانەی دەتوانن و ئامادەن لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە خۆڕایی و بەبێ بەرامبەر کار بۆ کۆمیتەکەمان بکەن و لەو شارانەی تیایدا دەژین بەرگری لەو ڕۆژنامەونانە بکەن کە سکالانامە لەسەریان تۆمار دەکرێت یان هەڕەشەیان لێ دەکرێت لە بەر کاری ڕۆژنامەوانیان.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم بانگەوازە ئاراستەی هەموو پارێزەرانی کوردستان دەکات بە بێ جیاوازی بە تایبەت ئەوانەی ئامادەن بە خۆڕایی و لە پێناو پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامەوانان و بەرز ڕاگرتنی یاسادا کار بکەن و لە یەکێ لە شارەکانی کوردستان یان لە دەرەوەی وڵات دەژین، بە تایبەت لەپارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک و مۆسڵ.

چاوەڕێی هیمەتی ئێوەی بەڕێزین لە پێناو پاراستن و بەرز ڕاگرتنی یاسا.

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەونانی کوردستان**
www.ymek.org
ko_b_r_ku@yahoo.se
٠٠٤٦-٧٠٧٤٦٢٦١١
١٩-٠٣-٢٠٠٧